# گونجاندنی سیستمی دیوی بۆ کتێبخانەی کوردی

ئاری بابان

پـــۆلێنکردن، یەکێکــە لــە بنــەما ســەرەکییەکانی کتێبخانـــەو لـــە ڕێگـــای پۆلێنکردنـــەوە دەتـــوانین کتێبخانەیەکی ڕێكو پێك لـە سـەر بنەمایـەکی زانـستی پێـــك بهێـــنین‌و بگەیـنـــە هـــەموو ئەوسەرچـــاوانەی کتێبخانەکە لە خۆی گرتووە.

بەبێ پۆلێنکردنێکی ڕێكو پێكو زانـستی کـە پـشت بەسیـستمێکی گونجـاو ببەسـتێت، کتێبخانـە دەبێتـە گۆگایـــەکی کتێـــب‌و نـــاتوانین بـــە ئاســـانی هـــیچ سەرچاوەیەکمان دەست بکەوێت کە تیایدا هەڵگیراوە.

بۆیـە کاتێـك چـەمکی کتێبخانـە وەردەگیرێـت کـە کتێبخانەکە بتوانین بە ئاسانترین ڕێگاو کورتترین مـاوە بگەینـە ئـەو سەرچـاوانەی دەمانـەوێت، ئەمـەش تـەنیا لەڕێگای پۆلێنکردنەوە دەبێت.

بێگومان چەندین سیستەم هەیـە لـە جیهانـدا کـە لـە کتێبخانەکان پـەیرەو دەکرێـت، بـەڵام دەتـوانین بڵـێین باوترینیان سیستەمی پۆلێنکردنی (دیوی) یـەو تـاوەکو ئێستاکە لە( ٢٠٠٠٠٠) دوو سەد هەزار کتێبخانەو لە ١٣٥ وڵاتدا بەکاردێت، هەروەها هەموارکراوەو گونجاندویانەو وەرگێردراوەتە سەر زیاتر لە (٣٠)زمان.

ئەم سیستمە لە ٩٥٪ی کتێبخانە گشتیەکان بـەکاری دێـــنن‌و ٢٥٪ ی کتێبخانـــەی زانکۆکـــان‌و کۆلیجـــەکان بـــەکاری دێـــنن‌و ٢٥٪ ی کتێبخانـــە تایبەتمەنـــدەکان (المکتبات المتخصصه) بەکاری دێنن.

هەر لە بەر ئەم هۆیانەیە دەڵـێین باشـترین‌و گونجـاو ترین سیستەمە بۆ کتێبخانەکان.

بەڵام نـەبوونی هـەموارکردن‌و گونجانـدنێکی تایبـەت بـەپۆلین کـردن لـە کتێبخانـەی کـوردی، بەتایبـەتی لـە بوارەکـــانی زمـــان‌و ئـــەدەب‌و مێـــژوودا ، کێـــشەیەکی گەورەی درووستکردووەو هـەر کتێبخانەیـەك بـەجۆرێك مامەڵە لە تەك ئەم بابەتەدا دەکات.

بێگومـــان تـــاکو ئێـــستا چـــەندین هـــەوڵ دراوەو گۆڕانکـارایی کـراوە لـەو بابەتـەدا، بـەڵام بەداخـەوە هیچیان نەچەسپان‌و بڵاو نەبوونـەوە، لـە بـەر ئـەوەی هەنـدێك کـەموو کـورپی تیـابووەو گونجـاو نـەبووە بـۆ کتێبخانـەی کـوردی‌و کێـشەکەی چارەسـەر نـەکردووە ئەویش لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- زمــان‌و ئــەدەبی کوردییــان لــە شــوێن زمــان‌و ئەدەبی عەرەبی داناوە لە ژمارەکانی (٤١٠و ٨١٠ ) کـە ئەمـــەش دەبێتـــە هـــۆی گۆڕانکـــاریی لـــە ســـەرجەم پـــــۆلێنکردنی کتێبـــــە عەرەبییەکانـــــدا دەبێـــــت هـەموارکردنێکی دیکـەش بـۆ زمـان‌و ئـەدەبی عـەرەبی ئـەنجام بـدەین تـا لـە کتێبخانەکـەدا شـوێنی هـەبێت. هـــەموو دەزانـــین چـــەندین کتێـــب لـــە عەرەبییـــەو وەرگێردراوەتە سەر زمـانی کـوردی‌و بەپێچەوانەشەوە کەواتە دەبێت دوو هەموار بکەین، لـە کاتێکدا کێشەی ئێمـە کێـشەی پـۆلین کردنێکـی تایبەتـە بەکتێبخانـەی کوردی.

٢- چـاك کـردن‌و گونجانـدنێك کـە زمـان‌و ئـەدەبی کوردی لە شوێن زمان‌و ئەدەبی عەرەبی دادەنێت، کـە ئێستا لە زمانەکانی ترو ئەدەبی گەلانی تردا جێگاکـەی بەتاڵە، بەهۆی ئەو هەموارکردنـەو گونجاندنـەی خۆیـان دروسـتیان کـردووە. هـەروەکو لـە کۆنگرەی سـێیەمی کتێبخانەکانـدا بـاس‌و لێکۆڵینـەوەی لـە سـەر کـراو سـەرکەوتوو نـەبوو، لـە بـەر ئـەوەی ئـەدەب‌و زمـانی کوردی لەلاوەکییەوە گواستەوە بۆ لاوەکی، کەواتـە لـە زمان‌و ئەدەبی گەلانی ترەوە، بۆ زمان‌و ئەدەبی گەلانی تر.

بۆیـە پـشتبەست بـەو ئەزموونـەی لـە کتێبخانـەی کوردیدا هەبووە، پێشنیازی هـەموارکردن‌و گونجانـدنێك لە سیستمی دیوی دا دەکەم بۆ کتێبخانـەی کـوردی لـە زمان‌و ئەدەب‌و مێژووی کـورد دا کـە لـە چـوار چێوەی بەشـــە ســـەرەکییەکان دەرنەچـێت‌و وەکـــو زمـــان‌و ئەدەبێکی سەرەکی لە کتێبخانەدا بمێنێتەوەو مامەڵەی لە تەکدا بکرێت.

بەڵام زۆر پێویستە لە تەك پسپۆڕانی زمان‌و ئەدەب‌و مێـــژوو دا پـــەرەی زیـــاتری پـــێ بـــدرێت‌و قۆناغـــەکان بەشێوەیەکی زانستییانە دەستنیشان بکرێت.

لێرەدا پاش ئەزمونێکی چەندین ساڵە لـە کتێبخانـەو کارکردن لە بـواری پێڕسـتو پۆلێنـدا پێـشنیاز دەکـەم زمـان‌و ئـەدەبی کـوردی لـە ژمـارەی (٤١٠ك و ٨١٠ك) دابنرێت، بۆ ئەوەی بتوانین لە زمان‌و ئەدەبی عـەرەبی جیای بکەینەوەو بەو شێوەیەش کە ژمارەو پیت بـەکار بێت بۆ ئاماژە بـەژمارەی پـۆلینێکی تایبـەتی زۆر بـاو، بەتایبـەتی لـە هـەموارکردنی فارسـی‌و هەنـدێك زمـان‌و ئـەدەبی دیکـە بۆیـە بەباشـی دەزانم بـۆ ئاسـانکاریی ژمارەی پیتی (ك) وەك نیشانە بۆ( کـورد)، ئـەم پیتـە لە گەڵ ژمارەی پۆلێنەکەدا بەکار بێت.

بەم شێوەیە دەتوانین کێشەی پۆلین کردن لە زمان‌و ئـــەدەبی کوردیـــدا چارەســـەر بکـــەین، بەمـــەرجێك لیژنەیەکی تایبەت لە پسپۆڕانی زمان‌و ئەدەبی کوردی‌و مێـــژووی کـــورد بەشـــداریی لـــە قۆناغـــەکانی ئـــەدەب‌و وردەکاری زمان بکەن بۆ ئـەوەی بەشـێوەیەکی زانـستی ئەو پۆلێن کردنە دابنرێت.

**زمانی کوردی ٤١٠ ك**

| | |
|---|---|
| ٤١٠/١ك | فەلسەفەو تیۆرەکان |
| ٤١٠/١٤ك | زمان‌و پەیوەندییەکان |
| ٤١٠/١٩ك | بنەما دەروونییەکان |
| ٤١٠/٦ك | ڕێکخراوو کۆنگرەی زمانەوانی |
| ٤١٠/٧ك | فێر بوونی زمانی کوردی |
| ٤١١ك | دەنگەکان‌و نووسین |
| ٤١١/١ك | دەنگسازی - فۆنۆلۆجی |
| ٤١١/٢ك | ئەبجەدی کوردی"وێنەی پیتەکان-پەرەسەندنی- ژمارەی پیتەکان‌و ڕێکخستنی-دەنگی پیتەکان لەشوێن‌و کاتی جیادا" |
| ٤١١/٣ك | ڕێنووسی کوردی |
| ٤١١/٤ك | ئاخاوتن (نطق) |
| ٤١١/٥ك | نووسین (پەیدابوونی نووسینی کوردی‌و پێشکەوتنی) |
| ٤١٢ك | زانستی ئاماژە "علم الدلالة" |
| ٤١٣ك | فەرهەنگ |
| ٤١٣/١ك | فەرهەنگ نووسین، زاراوە سازی |
| ٤١٣/٢ك | فەرهەنگە پسپۆڕییەکان |
| ٤١٤ك | عەروزو قافیە (عەروزو سەروا) |
| ٤١٥ك | ڕێزمانی کوردی |
| ٤١٥/١ك | تەرخانە بۆ بەشەکانی ڕێزمانی کوردی |
| ٤١٥/٢ك | تەرخانە بۆ بەشەکانی ڕێزمانی کوردی |
| ٤١٥/٣ك | تەرخانە بۆ بەشەکانی ڕێزمانی کوردی |
| ٤١٥/٤ك | تەرخانە بۆ بەشەکانی ڕێزمانی کوردی |
| ٤١٥/٥ك | تەرخانە بۆ بەشەکانی ڕێزمانی کوردی |
| ٤١٥/٦ك | تەرخانە بۆ بەشەکانی ڕێزمانی کوردی |
| ٤١٥/٧ك | تەرخانە بۆ بەشەکانی ڕێزمانی کوردی |
| ٤١٥/٨ك | تەرخانە بۆ بەشەکانی ڕێزمانی کوردی |
| ٤١٥/٩ك | تەرخانە بۆ بەشەکانی ڕێزمانی کوردی |
| ٤١٦ك | ڕەوانبێژی |
| ٤١٧ك | شێوەزارەکانی زمانی کوردی (اللهجات) |
| ٤١٧/١ك | کرمانجی خواروو |
| ٤١٧/٢ك | کرمانجی سەروو |
| ٤١٧/٣ك | هەورامی |
| ٤١٧/٤ك | گۆران |
| ٤١٧/٥ك | لور |
| ٤١٧/٦ك | شێوەی تر |
| ٤١٨ك | فێربوونی زمانی کوردی |
| ٤١٨/١ك | فێربوونی زمانی کوردی بەشێوەیەکی سەرەتایی |
| ٤١٨/٢ك | فێربوونی زمانی کوردی بەشێوەیەکی پێشکەوتوو |
| ٤١٨/٣ك | فێربوونی زمانی کوردی بۆ غەیرە کورد بەشێوەیەکی سەرەتایی |
| ٤١٩ك | مێژووی زمانی کوردی |

دەتـــوانین لـــە ڕێگـــەی لیژنەیـــەکی پـــسپۆڕەوە بەشـــەکانی دیکـــەی زمانـــەوانی دەستنیـــشان بکـــەین‌و ژمارەی تایبەتی خۆی بۆ دابنێین.

**ئەدەبی کوردی ٨١٠ك**

| | |
|---|---|
| ٨١٠ك | ئەدەبی کوردی |
| ٨١٠/٠١ك | فەلسەفەو تیۆرەکانی ئەدەبی کوردی |
| ٨١٠/٠٢ك | هەڵبژاردە |
| ٨١٠/٠٣ك | فەرهەنگ‌و ئینسکلۆپیدیای ئەدەب |
| ٨١٠/٠٤ك | گۆڤار |
| ٨١٠/٠٥ك | گۆڤارو ڕۆژنامەی ئەدەبی |
| ٨١٠/٠٦ك | ڕێکخراوو کۆنگرەی ئەدەبی |
| ٨١٠/٠٧ك | فێر بوون‌و خوێندنەوەی ئەدەبی |
| ٨١٠/٠٨ك | چەند بابەتێکی کۆکراوە (مجموعات أدبیة) |
| ٨١٠/٠٩ك | ڕەخنەو لێکۆڵینەوە |
| ٨١٠/١ك | ئەدەبی کوردی کۆن |
| ٨١٠/٢ك | قۆناغی کلاسیکی |
| ٨١٠/٣ك | قۆناغی ڕۆمانتیکی |
| ٨١٠/٤ك | قۆناغی ریالیزمی |
| ٨١٠/٩ك | ئەدەبی کوردیی نوێ |
| ٨١٠/٩١ك | ئەدەبی کوردیی لە کوردستانی عێراق |
| ٨١٠/٩٢ك | ئەدەبی کوردیی لە کوردستانی تورکیا |
| ٨١٠/٩٣ك | ئەدەبی کوردیی لە کوردستانی ئێران |
| ٨١٠/٩٤ك | ئەدەبی کوردیی لە کوردستانی سوریا |
| ٨١٠/٩٥ك | ئەدەبی کوردیی لە دەرەوەی کوردستان |
| ٨١١ك | شیعری کوردی |
| ٨١١/٠١ك | فەلسەفەو تیۆرەکانی شیعری کوردی |
| ٨١١/٠٢ك | |
| ٨١١/٠٣ك | |
| ٨١١/٠٤ك | |
| ٨١١/٠٥ك | گۆڤارو ڕۆژنامە |
| ٨١١/٠٦ك | کۆنگرەو کۆڕدەربارەی شیعری کوردی |
| ٨١١/٠٧ك | خوێندنی شیعری کوردی |
| ٨١١/٠٨ك | کۆکراوەی بەرهەمی چەند شاعیرێك |
| ٨١١/٠٩ك | ڕەخنەو مێژووی شیعری کوردی |
| ٨١١/١ك | شیعری کۆنی کوردی |
| ٨١١/٢ك | شیعری کلاسیکی |
| ٨١١/٣ك | شیعری ڕۆمانتیکی |
| ٨١١/٤ك | شیعری ریالیزمی |
| ٨١١/٥ك | |
| ٨١١/٦ك | |
| ٨١١/٧ك | |
| ٨١١/٨ك | شیعری فۆلکلۆری کوردی |
| ٨١١/٩ك | شیعری نوێی کوردی |
| ٨١١/٩١ك | کوردستانی عێراق |
| ٨١١/٩٢ك | کوردستانی تورکیا |
| ٨١١/٩٣ك | کوردستانی ئێران |
| ٩٤/ك٨١١ | کوردستانی سوریا |
| ٨١١/٩٥ك | شیعری کوردی لە دەرەوەی کوردستان |
| ٨١٢ك | شانۆی کوردی |
| ٨١٣ك | چیرۆکی کوردی |
| ٨١٤ك | وتاری کوردی |
| ٨١٥ك | گوتاری کوردی |
| ٨١٦ك | نامەی کوردی |
| ٨١٧ك | پەندی پێشینان‌و قسەی نەستەق |
| ٨١٧/١ك | گاڵتەو گەپ |
| ٨١٨ك | کۆکراوەی بەرهەمی نووسەرێك یان چەند نووسەرێك کە چەندین بابەتی جیا لە خۆبگرێت |
| ٨١٩ك | پەخشانی کوردی |

ئەم بەشانەش هەروەکو شیعر دابەش دەکرێت.

**مێژووی کورد ٩٥٦/٧١**

لـــە هەموارکردنەکـــەی (زاهـــدة ابـــراهیم)دا ژمـــارەی (٩٥٣/٢١ ) بۆ کوردستان دانراوە.

لە دیوی دا ژمارەی ٩٥٦,٧١ بـۆ کوردسـتان دانـراوە کە تەنیا کوردستانی عێراق دەگرێتەوە.

ژمارەی (٩٥٥,٥٤ ) بـۆ کوردسـتانی ئێـران دانـراوەو ژمارەی (٩٥٦,٤٦٧) بۆ کوردستانی تورکیا دانراوە.

کەواتە ژمـارەی( مێـژووی کوردستان) بەسـەر چـوار وڵاتـدا دابـەش بـووەو ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کتێبێك دەربارەی کوردسـتان بێـت، بەگـشتی لەیـەکێك لـەو وڵاتانـەدا دابنرێـت.لەبـەر ئـەوەی ژمـارەی (٩٥٦) ڕۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـتەو مێـــژووی کوردســـتانیش دەگرێتـــەوە، بۆیـــە دەتـــوانین ژمـــارەی (٩٥٦,٧١) بەکاربێنین‌و مێژووی کوردستانی لە سەر بینا بکەین.

بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| ٩٥٦/٧١ | مێژووی کوردستان بەگشتی |
| ٩٥٦/٧٢ | مێژووی کوردستانی عێراق |
| ٩٥٦/٧٣ | مێژووی کوردستانی تورکیا |
| ٩٥٦/٧٤ | مێژووی کوردستانی ئێران |
| ٩٥٦/٧٥ | مێژووی کوردستانی سوریا |
| ٩٥٦/٧٦ | مێژووی بەشەکانی دیکەی کوردنشین |

بەم شێوەیە دەتوانین قۆناغ‌و شارەکانی کوردسـتان دیاری بکەین:

| | |
|---|---|
| ٩٥٦/٧١٢١ | هەولێر |
| ٩٥٦/٧١٢٢ | سلێمانی |
| ٩٥٦/٧١٢٣ | دهۆك |
| ٩٥٦/٧١٢٤ | کەرکوك |
| ٩٥٦/٧١٣ | کوردستانی تورکیا- باکوور |
| ٩٥٦/٧١٣١ | دیاربەکر |
| ٩٥٦/٧١٣٢ | هەکاری |

بـــەم شـــێوەیە دەتـــوانین لـــە ڕێگـــەی لیژنەیـــەکی پـــسپۆڕەوە ژمـــارەی شـــارەکانی کوردســـتانی تورکیـــا دەستنیشان بکەین:

| | |
|---|---|
| ٩٥٦/٧١٤ | کوردستانی ئێران |
| ٩٥٦/٧١٤١ | سنە |
| ٩٥٦/٧١٤٢ | کرماشان |
| ٩٥٦/٧١٤٣ | مهاباد |
| ٩٥٦/٧١٤٤ | بـەم شـێوەیە دەتـوانین ژمـارەی شـارەکانی کوردسـتانی ئێـران لـە ڕێگـای لیژنەیـەکی پـسپۆڕەوە دەستنیشان بکەین. |